گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کارکردنی دیداکتیکیانەی دەرهێنەر لەگەڵ ئەکتەردا
# شانۆگەریی (زریان)ی فازل جاف بە نمونە

**گۆران بکر حمه امین**

بەشی سینەماو شانۆ، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

gsargallwey@gmail.com

**د.سەردار محمود سعید**

بەشی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

sardarmahmud72@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٥/٤/٢٧

پەسەندکردن:٢٠٢٥/٦/١٨

بڵاو کردنەوە: هاوین ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**

دیداکتیک، دەرهێنان، ڕاهێنانی ئەکتەر، پرۆڤە، فازل جاف

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.11.3.3

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە: (کارکردنی دیداکتیکیانەی دەرهێنەر لەگەڵ ئەکتەردا - شانۆگەریی (زریان)ی فازل جاف بە نمونە) بەرهەمی تێڕامانە لەئەرکی فێرکاریانەی هاوبەش و دووسەرەی نێوان ئەندامانی کاستی شانۆیی، بەڵام بەکارکردی شێوازی پەیڕەوکارانەی دەرهێنەر لەئاڕاستەکردنی پەیوەندیی نێوان خۆی و ئەکتەر بەرێڕەوی دیداکتیکدا، ئەویش لەناو خودی کرداری بەرهەمێنانیەوە، بۆیە توێژینەوەکە لەدیوی ناوەوەی شانۆوە پەیوەندیەکانی نێوان ئەکتەرو دەرهێنەر دەپشکنێت و هەوڵدەدات گونجاوترین جۆری ڕەخساوی پەیوەندی لەنێوانیاندا دەستنیشان بکات، بەمەش کێشەی توێژینەوەکە پەیوەستە بەچۆنێتیی دروستبوون و درێژەپێدانی ئەو جۆرە پەیوەندییە هەر لەسەرەتاکانی کارکردنەوە بۆ بەرهەمهێنانی نمایش و ڕەنگدانەوەی چاوەڕوانکراوو کردەییانەی لە ئەزموون و بەرهەمی شانۆیی دواتردا، نەک بۆ خودی هەمان ئەو دەرهێنەرەو ئەکتەرانی هەمان ئەو نمایشە، بەڵکو لەکەسانی دیکەشدا، کە لەنزیکەوە یان لەئەنجامی توێژینەوەو تێڕامانەوە، بەر ئەو

ئەزموونە کەوتوون یان توانیویانە پەی پێببەن. توێژینەوەکە لەسێ بەشدا، کەیەکەمیان چێوەی میتۆدی توێژینەوەکەو دووەمیان چێوەی تیۆریی توێژینەوەکە و بەشی سێیەمیشیان ڕێوشوێنەکانی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، هەوڵیداوە پانتاییەکی بەرچاو لەتەوەرو باس و پرسە کاریگەرو پەیوەندیدارەکان بەکێشەی توێژینەوەکەو ئامانجەکانی و لێکۆڵینەوەکانی نزیکی پێش خۆی، بەسەربکاتەوە و لەسەر بنەمای میتۆدی توێژینەوەی وەسفیی شیکاریی نمونەی توێژینەوەکە شیکار بکات و بەئامانجەکانی بگات، کەوەڵامدەرەوەی کێشەی توێژینەوەکە بوون و لەدیارترینیشیان ئەوەیە کە، ژینگەیەکی پیشەمەندانە دروستکراوە، میتۆدۆلۆژیایەکی دیاریکراو هەبووە بۆ کارکردن لەسەر نواندن و دەرهێنان، بەرهەمەکە کاریگەریی میتۆدۆلۆژیانەی لەسەر چەندین بەداربوو داناوە کە دەتوانن لە بەرهەمەکانی ئایندەشیاندا بەردەوامی پێبدەن وەک ئەکتەرو دەرهێنەرو سینۆگرافەرو تویژەریش، ئەکتەر توانیویەتی چالاکانە لەبەرهەمهێنانی نمایشەکەدا بەشداربێت، ژینگەی پرۆڤە بەگشتیی ژینگەیەکی دیداکتیکیانە بووە، پەیوەندیی دەرهێنەرو ئەکتەر پەیوەندیی مامۆستاو خوێندکار بووە، ئەمەش زەمینەی فێرکاریی دیداکتیکیانەی دەستەبەر کردووە، بۆیە بەتەواوی، کارکردنێکی دیداکتیکیانە بووە.

## پێشەکی:

هەر لەدروستبونیەوەو لەوەتەی هەیە، شانۆ کەناڵێکی بەهێزو کاریگەری پەیوەندیی بووەو هەر واش دەمێنێتەوە، بگرە زیادەڕۆییش نییە گەر بڵێین کۆمەڵایەتیترینی هونەرەکانە. ئەو ژمارە زۆرەی بینەر کە لەتوانادابێت هیچ نمایشێکی هونەریی ڕاستەوخۆ لەیەک کات و شوێندا کۆیان بکاتەوە تەنها تایبەتمەندیی نمایشی شانۆییە، بۆیە شانۆی کەونارا، بەتایبەتیش لەگریکی بەر لەبیست و شەش سەدە زیاتردا ، تاکە دەرفەتی کۆبوونەوەی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک بووە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەدەوری بابەتێک، ئەمەش هەلی بیرکردنەوەی هاوبەش وئەندێشەی جۆراوجۆرو تێگەیشتنی جیاوازی لەسەر یەک پرس و بابەت بۆ مرۆڤ ڕەخساندووە، ئەمە وێڕای ئەوەی ناوەندێکی گرنگی فێرکارییش بووە، هەر ئەمەش بووە کەشانۆی کردۆتە پێداویستییەکی ژیاریی و فەرهەنگیی گرنگ و بنەڕەتیی بۆ گەشەسەندنی زیاتروزیاتری کۆنترین سیستمی دیموکراسی لەئەورووپای ئێستادا، گەر نەشڵێین لەهەموو جیهاندا.

## یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### کێشەی توێژینەوەکە:

شانۆ هونەری کاری هەرەوەزییە، تەنانەت ئەگەر تەنها یەک ئەکتەریش لەسەرشانۆ بێت و هەر خۆیشی نوسەری دەقی نمایشەکەو دەرهێنەریشی بێت، ئەوا بەلانی کەمەوە ئەرکی سێ کەسی تێدا جێبەجێ دەکات، ئەمە وێڕای ئەو وزەو توانایانەی کە لەدەرەوەی خۆیشی پێویستی پێیانە. بۆیە ئەو سیستمی پەیوەندییە هونەرییەی کە ئەندامانی کۆی کاستێکی شانۆیی پێکەوە دەبەستێتەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر چۆنێتیی بەرهەمەکە دەبێت، بەتایبەتیش پەیوەندیی نێوان دەرهێنەرو ئەکتەر کە لەڕواڵەتدا پەیوەندیی نیوان دوو مرۆڤە، بەڵام لەناوەرۆکدا پەیوەندیی نێوان دوو جیهانی پیشەیی هەرە سەرەکیی شانۆیە کەهەریەکەیان لەویترەوە فێردەبێت و دەتوانێت تواناکانی خۆی لەڕێی ئەوەوە ببینێتەوە، واتا بۆیەکتر دەبنە ئاوێنەو یەکێک لەخێراترین و ڕاستەوخۆترین فیدباکەکانی فێربوون و فێرکردن تۆماردەکەن.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات، لەسۆنگەی پرۆسەی فێرکارییەوە، لەکارکردنی دەرهێنەر لەگەڵ ئەکتەری شانۆدا بکۆڵێتەوەو لەو باوەڕەشدایە کە ئەو کارکردنە پێویستە دیداکتیکیانە بێت، بۆیە تێگەیشتنی لەچۆنێتیی دارشتنی پەیوەندیی نێوان دەرهێنەرو ئەکتەرو کاریگەریی لەسەر نمایشێکی شانۆیی دەکاتە کێشەی خۆی ولەم دوو پرسیارەدا دایدەڕێژێت:

1. کارکردنی دیداکتیکیانە لە پرۆسەی دروستکردنی نمایشی شانۆییدا چۆن دەبێت؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. دەرهێنەر چۆن دەتوانێت دیداکتیک بکاتە بنەمای کارکردن لەگەڵ ئەکتەردا؟

## گرنگیی توێژینەوەکە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەهەوڵدانیدایە بۆ دەرخستنی ئەو بنەما دیداکتیکیەی کارکردن کە لەنێوان دەرهێنەرو ئەکتەردایەو دەستنیشانکردنی ئاکامەکانی، هەروەها تیۆریزەکردنی ئەو ئەزمونە شانۆییانەی بەکردار تێگەیشتنی ئەم توێژینەوەیە بۆ کێشەکەی دەسەلمێنن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستنی ئەو ئەزمونانە بۆئەوەی شانۆکارانی تریش سودیان لێببینن. وێڕای ئاشناکردنی توێژەرو مامۆستاو فێرخوازانی شانۆ بەکاریگەرییەکانی دیداکتیک لەشانۆداو گرنگیی دارشتنی کارکردن لە پەیوەندیی نێوان دەرهێنەرو ئەکتەر لەسەر بنەمای ئەوزانستە.
بەمەش توێژینەوەکە سودبەخش دەبێت بۆ سەرجەم دامودەزگا ئەکادیمی و پەروەردەییەکان و پسپۆرانی شانۆ بە ئەکتەرو دەرهێنەرو پیداگۆگی و دیداکتیکزان و توێژەرو فێرخوازی بوارەکەشەوە.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

1- دەرخستنی ئەو سیستمی پەیوەندییەی نێوان کاستی بەرهەمی شانۆیی کە لەسایەی کارکردنی دیداکتیکیانەی دەرهێنەردا دروست دەبێت
2- سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە ئەگەر پەیوەندیی نیوان دەرهینەرو ئەکتەری شانۆ پەیوەندییەکی دیداکتیکیانە بێت، ئەوا ئەکتەر زیاتر خۆی لە ئەزموونە شانۆییەکەدا دەبینێتەوەو تواناو کارامەییەکانی خۆی باشتر دەناسێت و بەرجەستە دەکات.

## سنوورەکانی توێژینەوەکە:

سنووری کات: ساڵی ٢٠١٢
سنووری شوێن: باشوری کوردستان-هەولێر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سنووری بابەتیی: کارکردنی دەرهێنەر لەگەڵ ئەکتەردا

## زاراوەکانی توێژینەوەکە:

### یەکەم/ دیداکتیک

لەڕووی زمانەوانییەوە، لە بنەڕەتدا (دیداکتیک - didactic) لە (دیداکتیکۆس) ی گریکییەوە هاتووە، یان بە"دیداسکالیا"ش دەخوێندرێتەوە، کەبەواتای "شایستە لە فێرکردندا" دێت، یان بەواتای وانەوتنەوە دێت، بەئەڵمانیی و سویدیش بەمانای فێرکردن یان وانەوتنەوە دێت، بەزمانی گریکی بەمامۆستا دەڵین "دیداسکالۆس (سەعید، ٢٠٢٢)، لەزمانی کوردیشدا "چەند چەمک و وشەیەک لەبەرانبەر دیداکتیکی فێرکردن هەیە، وەکو زانستی وانەوتنەوە، هونەری وانەوتنەوە، زانستی فێرکردن، وانەوتنەوە، ڕێکارەکانی وانەوتنەوە" (قادر، 2020) بەگشتیش چەمکەکەی ئاماژەیە بۆ لێکۆڵینەوەی سیستماتیکیی پرۆسەکانی فێرکردن و فێربوون، کەتیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی گواستنەوەو تێگەیشتنی فێربوون و زانین، ستراتیژییە فێرکارییە جۆراوجۆرەکان، میتۆدۆلۆژیاو بنەما تیۆرییەکان لەخۆدەگرێت کەڕێنمایی پەروەردەکاران دەکەن لەئاسانکردنی ئەو ئەزموونەی بۆ فێربوونێکی کاریگەر بەکار دێت.

لە ڕووە فەلسەفیەکەشیەوە دیداکتیک "ڕێبازێکی چەمکیانەی گرنگە کەپرۆسەی فێرکردن ئاراستەدەکات (Aure, V., et al, 2013، 2013) بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دیداکتیک لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن چوارچێوە کولتوورییەکان کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی پەروەردەیی هەیە.

لە ڕووی هونەرییشەوە، بەبڕوای (ئایسنەر) فێربوونی هونەر لەڕێی دیداکتیکەوە دەتوانێت لایەنە ئاڵۆزو وردەکانی دەروون پەرەپێبدات لەڕێگەی هێنانە پێشەوەی چەندین پرسیارو ڕێچکەی دەوڵەمەندەوە، پیشانیشی دەدات کەچۆن ئەمانە بیرکردنەوەکان پوخت دەکەنەوەو بەهایان پێدەبەخشن. یاخود هونەر دەکرێت بەڕێگەیەک بۆ فێربونی شتێکیتر بۆ نمونە لەڕێگەی شانۆوە مێژوو یان بابەتێکیتر فێر دەکرێن یان لەڕێگەی وێنەکێشانەوە فێری بیرکاری و ئەندازیاری دەکرێن "مامۆستایانی هونەر ئەرکەکان دادەڕێژن بە جۆرێک بن لەگرنگیپێدانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تایبەت بە سیفەتە بینراوەکان" (Eisner، 2002)، هەروەها ئەرکی هونەرەکانیش لە ژێر سیستمی دیداکتیکدا فێرکردنی وەرگرە کە ئەمە زۆرجار شانۆ و فیلم و وێنەکێشان...هتد. دەگرێتەوە، دەبنە سەرچاوەیەک یان پەیامێک ئاڕاستە دەکەن کەتیایدا وەرگر فێری بابەتەکە دەبێت و زانیاری لەسەر وەردەگرێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم باسانەدا، پێناسەی کردەیی ئەم توێژینەوەیە بۆ زاراوەی دیداکتیک: ئەو هونەرو زانستانەی فێرکاری دەگرێتەوە کەئامانجیانە فێرکردن بگۆڕن بەفێربوون، ئەویش لەڕێی کاراکردنی تواناکانی فێرخوازان بۆ پێیهەڵگواستن لە بەرکارەوە بۆ بکەرو گۆڕینی ئەرکەکەی لەبەشدارەوە بۆ هاوبەشی ڕاستەقینە لە بیرو کاردا.

### دووەم/ کارکردنی دیداکتیکیانەی دەرهێنەر:

لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەو ڕێگەو تەکنیکە هونەرییە جۆراوجۆرانەی ڕوونکردنەوەو ڕاهێنان و فێرکاری کەدەرهێنەر لەگەڵ ئەکتەردا بەکاریان دەهێنێت بۆ گەیشتن بەدۆخی نواندنی خوازراو لەپڕۆڤەدا کە ئەکتەر دەگەیەنێت بەو دۆخەی کەدەرهێنەر دەیەوێت پێی بگات وهەردوولاشیان کۆکن لەسەری.

## بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری

### یەکەم: ئەکتەری شانۆ لە نێوان ڕاهێنان و فێرکردندا

ڕاهێنانی ئەکتەر لەشانۆی نوێ و هاوچەرخدا پرۆسەیەکی گرنگ و کاریگەرە، ئەم ڕاهێنانانە لەشێوازو میتۆدۆلۆژیای جیاوازەوە وەرگیراون کە بۆ بەرزکردنەوەی لێهاتوویی ئەکتەرو پەیوەندیی بەنمایشەکەوە داڕێژراون. بێجگە لەڕاهێنەرو پیداگۆگییە پێشڕەوەکانی وەک (ستانیسلاڤسکی و مایەرهۆڵدو ستراسبێرگ وگرۆتۆڤسکی)، ئەمانە هەندێکن لەدیارترین نمونەکانی شێوازەکانی ڕاهێنانی ئەکتەر لەشانۆی نوێ و هاوچەرخدا، کە زۆربەیان هاوچەرخی ئەوانیش بوون:

1. **شێوازی سوزوکی:** دەرهێنەری ناسراوی شانۆی ژاپۆنی (تاداشی سوزوکی) دایڕشتووە، سیستمێکی توندی ڕاهێنانی دەنگ وجەستەیە کەبۆ بەرزکردنەوەی ئامادەگی و ئەداکردنی ئەکتەر داڕێژراوە. شێوازێکە جەخت لەسەر پەیوەندیی نێوان جەستەی ئەکتەرو زەوی دەکاتەوە. تیشک دەخاتە سەر جووڵەی کۆنترۆڵکراوو بەرزبوونەوەی هۆشیاریی لەکێشکردنی جەستەو پەرەپێدانی ڕوونی و هێزی قسەکردن لەدەنگدا. زۆرجار ڕاهێنانەکانی لەتەکنیکەکانی نمایشە کۆنەکانی ژاپۆن وەرگرتووە، وەک شانۆی (نوو) و (کابوکی). سوزوکی پێی وایە کە "جەستەی ئەکتەر دەبێت ڕابهێنرێت و دیسپلین بکرێت. چونکە جەستە بنەمای هەموو دەربڕینێکی شانۆییە. پێویستمان بەجەستەو دەنگێکی ڕاهێنراو هەیە کەبتوانێت قووڵترین هەستی مرۆڤ دەرببڕێت" (Suzuki، 1986)
2. **تەکنیکی مایسنەر:** ئەکتەرو مامۆستای ئەمریکیی (سانفۆرد مایسنەر) دایڕشتوە. ڕێبازێکە بۆ ئەکتەرو نواندن، جەخت دەکاتەوە لەسەر کاری خۆکردەیی و وەڵامدانەوەی ئەکتەری بەرامبەر. میتۆدەکە ئەکتەر ڕادەهێنێت بۆئەوەی ڕاستگۆیانەو بەشێوەیەکی ڕاستەقینە لەو حاڵەتەدا بژی کە لەڕێگەی خەیاڵەوە دروستکراوە. مایسنەر لەو باوەڕەدایە کە؛ڕاهێنان وامان لێدەکات کە لەژێر بارودۆخی خەیاڵییدا بەڕاستی بژین. ئەکتەر دەبێت فێربێت کەبەشێوەیەکی غەریزەیی وەڵامی ئەو شتانە بداتەوە کە لەدەوروبەری ڕوودەدەن (Meisner, & Longwell، 1987) ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە مایسنەر کاردەکات لەسەر کاردانەوەی غەریزەی ئەکتەر بەرامبەر ئەو ساتەوەختەی کە ئەکتەری بەرامبەری تێدایە، نەک پشت ببەستێت بەپلانی داڕێژراو و پێشوەختە.
3. **میتۆدی لێکۆک:** ڕێبازێکی فرەلایەنە بۆ ڕاهێنانی ئەکتەر کە (جاک لێکۆک) دایهێناوە، جەخت لەسەر جوڵەو جەستەو گەڕان بەدووای ڕەفتارە گشتگیرەکانی مرۆڤدا دەکاتەوە. تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کەجەستە هۆکارێکی سەرەکی ئەکتەرە بۆ دەربڕین. لێکۆک دەڵێت؛ ئامانجمان دۆزینەوەی دووبارەی یاسا سروستییەکانی جوڵەیە. لێکۆڵینەوە لەداینامیکییەتی فەزاو پەرەپێدانی توانای ئەکتەرە بۆ گونجاندن و گۆڕانکاری، جەستە ئامرازی لەپێشینەی ئەکتەرەو لەڕێگەیەوە دەتوانین دەستمان بگات بەجەوهەری دەربڕینی شانۆیی. (Lecoq،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2000) ئەم میتۆدە وا لەئەکتەر دەکات کە چاودێریی جیهانی دەروبەر بکات و بیگونجێنێت لەگەڵ ئەداکردن و نمایشکردنی خۆی. میتۆدەکە ڕاهێنانەکانی؛ پانتۆمایم، دەمامک، ئیمپرۆڤیزەکردن، لێکۆڵینەوە لەداینامیکای جوڵە، لەخۆدەگرێت.

4. **شێوازی لابان**: بە (شیکاری جوڵەی لابان) یش ناسراوە کە (ڕودۆڵف لابان) دایهێناوە. "ڕێچکەیەکە بۆ چاودێریکردن و وەسفکردن و لێکدانەوەی جوڵەی مرۆڤ. بەتایبەت لەسەماو شانۆدا... جوڵە بۆ چوار پێکهاتەی سەرەکی دابەش دەکات: (جەستە، هەوڵ، شێوە، پانتایی)، لەلای لابان جوڵە زمانێکە کە دۆخی ناوەوەی مرۆڤ ئاشکرا دەکات. لەڕێگەی لێکۆڵینەوە لێیەوە دەتوانین داینامیکی شاراوەی ڕەفتارو دەربڕینی مرۆڤ ئاشکرا بکەین" . (Laban، 1988) لابان جەستە وەک فاکتەرێکی بەهێزی پەیوەندی دەبینێت، کاردانەوەی جەستەش وەک یاریی نێوان کردەی دەرەوە و کرۆکی ناوەخنی جەستە دەبینێت.

5. **شێوازی ئیمپرۆ(خۆکردە)ی ڤیۆلا سپۆلین:** سەرنج دەخاتە سەر ئیمپرۆڤیزەکردن و یاریکردن بۆ کردنەوەی گرێی داهێنان و پەرەپێدانی تواناکانی ئەکتەر. کارەکانی سپۆلین لەوەوە سەرچاوە دەگرن کە ئیمپرۆڤیزەکردن توانایەکی سروشتیی مرۆڤە کەدەکرێ لەڕێگەی ڕاهێنانەوە سەوز ببێت. بەبڕوای (سپۆلین) "ئیمپرۆڤیزەیشن دەکرێت تەنها لەکۆبوونەوەو کارکردن لەسەر ئێستای گۆڕاوو جوڵاودا لەدایک ببێت." (Spolin، 1999) ئەمەش بەواتای ئەوە دێت کەگرنگییەکی زۆری بەم لایەنەی ڕاهێنان داوە. هەندێک لەڕاهێنانەکانی سۆپلین وەک دروستکردنی چیرۆک لەڕێگەی یەک وشەوە، یان یاری دۆخە جیاوازەکان کەکارلێکی جەستەییەو لێکۆڵینەوە لەدینامیکای هێز دەکات، یاخود بەکارهێنانی شتە خەیاڵییەکان بۆ دروستکردنی شتێکی باوەڕپێکراو. تەکنیکەکانی ئەم میتۆدە وا لەئەکتەر دەکەن پشت بەخۆی ببەستێت و متمانە بەغەریزەکانی بکات و هاوکاریی کەسی بەرامبەری بکات، هەروەها بەشێوەیەکی تەواوەتی وەڵامی ئەو ساتەوەختەو هاوڕێ ئەکتەرەکەی بداتەوە.

6. **شێوازی ڕاهێنانی هەناسە و دەنگ:** (پاتسی ڕۆدنبێرگ) لەم شێوازەدا گرنگی بەدەنگی ئەکتەر دەدات. سەرجەم ڕاهینانەکانی بۆ بەرەوپێشچوونی ئەکتەرە بۆئەوەی پارسەنگێک

دروست بکات لەنێوان دەنگ و سەرجەم پێکهاتەکانی تری ئەکتەردا. لەلای ڕۆدنبێرگ "هەناسە بناغەی دەنگە، بەبێ هەناسە دەنگ نییە، ئەکتەر دەبێت فێری هەناسەدانی قووڵ و تەواو بێت بۆئەوەی پاڵپشتی دەنگەکە بکات و ببەستێتەوە بەجەستەو هەستەکانەوە"(Rodenburg، 1997) لەناو ئەم شێوازەی ڕۆدنبێرگدا ڕاهێنانەکانی (دەنگ و نواندن، هەناسەو وزە، ڕوونبێژیی، دەنگ و جوڵە، دەنگ و شوێن، دەنگ و دەق، دەنگ و هەست، دەنگ و کۆمەڵگە) گرنگن.

## دووەم: دیداکتیک لە شانۆدا

وێڕای ئەوەی دیداکتیکی شانۆ یاخود شانۆی دیداکتیکی، وەک چەمک و زاراوەی زانستیی پێناسەکراوی ڕوونی مەبەستدار، بەهێندەی شانۆی پیداگۆگی یاخود پیداگۆگیای شانۆ بەربڵاوو بیستراوو کارپێکراو نیە، بەڵام دیداکتیک نەک تەنها ڕەهەندێکی فێرکاریانەی فراوانی کارکردنی شانۆییە، بەڵکو هەر خودی زاراوەکەش ڕیشەیەکی قوڵی لە کاستی شانۆدا هەیەو لە شانۆی گریکی کەوناراردا یەکێک لەو سێ کەسەی کە"سەرپەرشتیی بەئەنجامگەیاندنی نمایشیان کردووە، پێی گوتراوە (دیداسکەڵۆس) کە وەک ڕێنماییکارێک ئەکتەرەکانی دەربارەی هاتنەژورەوە و چونەدەرەوە و چۆنێتی دەستکردن بەنواندن لەدیمەنی شانۆییەکەدا ڕێنمایی کردووە و بۆ ئەنجامدانی سەما و کاری کۆرس و گۆرانیەکانیش ئاڕاستەی کردوون" (Chandler، 2017) ئەمەش بەڕوونی بۆمان دەردەخات کەئەم ئەرکی (دیداسکەلۆس)ییە، هەم فێرکاریانە بووەو وەک فێرکارێک ئەکتەری فێرکردووە، هەم ڕاهێنەرانەش بووە، ئەکتەرەکانی لەسەر ئەو کارامەییانە ڕاهێناوە کەبۆ ڕۆڵگێڕان پێویستیان پێیان بووە، پێکەوەگرێدانی هەردوو ئەرکەکەش، واتا فێرکار و ڕاهێنەر دەمانباتەوە سەر ڕیشەی پەیدابوونی کۆنترین دارشتنی چەمکی دیداکتیک لەشانۆدا، کە لەخودی ناوی ئەم پیشەوەرەی شانۆی گریکییەوە وەرگیراوە. چونکە" بەوردبوونەوە لە بەکارهێنانی ئێستای زاراوەکە لە فەرهەنگەکاندا دەردەکەوێت کە هەڵبژاردنی وشە گریکیەکە لە دەقەکانی ئاینی کرستیانەوە بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکەم بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە، کە لەشانۆی کەونارای گریکدا نەخشێنراوە" (Monteiro، 2022)

لەشانۆی هاوچەرخدا شانۆی فێرکاری زیاتر بەناوی نوسەر و دەرهێنەر و تیۆرساز و بیرمەندی شانۆی ئەڵمانی (بیرتۆڵد برێخت) ەوە لکاوە. برێخت بەگژ شانۆی ئەرستیدا چۆوە، ڕەوتی شانۆی برێختی دانا کەرێچکەی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتییە (نووسەر، ٢٠٢٠) کە هەر خۆی بە شانۆی فێرکاریش بەناوبانگە، مەبەستیشی فێرکردنی کۆمەڵگە بوو بە چۆنییەتی مامەڵکردن و هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر نایەکسانی و چۆنیەتی بەدەستهێنانەوەی ماف.

لە شانۆکەی برێختدا بینەران بە وریاییەوە سەیری ڕووداوەکان دەکەن و بیر لە پەیامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی شانۆگەرییەکە دەکەنەوە، بۆیە بەشداری دەکەن لەئەنجامی نمایشەکە و وەک بەشێک لە نمایش سەیر دەکرێن نەک کاریان تێبکرێت و هەست و سۆزیان بوروژێنرێت. ئەمەش لایەنێکی فێرکاریی بەهێزە بۆ بینەر، تا بەشداربێت لە گۆڕینی ژیانی خۆیدا، بەم پێیەش هەرچەندە لەڕواڵەتدا شانۆکەی برێخت وا دەردەکەوێت پیداگۆگییە، بەڵام لەناوەرۆکدا دیداکتیکییە، چونکە "فەلسەفەی پەروەردەییانەی برێخت لەسەر ئەو بنەمایە بونیاتنراوە کە پەروەردە بێت لەڕێی هونەرەوە: لای ئەو شانۆ گێڕانەوەی کرداری پێشوەختەیە نەک ڕوداوە هەنوکەییە ڕاستەقینەکان" (Frimberger، 2022)

واتا دەق پیرۆز نییە تا ئەکتەر دەروێشانە ئەزبەری بکات و کوێرانە پێوەی پەیوەست ببێت و بینەریش بچێتە ژێر ڕکێفی تەوژمی هەستوسۆزە گەرمەکانیەوە، شانۆش نابێت هەوڵی پیشاندانی بدات وەک ئەوەی کە ئێستاو لێرەدا ڕوودەدات تا بینەری پێ فریو نەدات، بەڵکو ئەوەی گرنگە چۆنێتیی بەرجەستەکردنی وگەیاندنێتی لە ئێستاو لە ئێرەدا. بۆ دیداکتیکیش تەکنیک و میتۆدی وانەوتنەوە گرنگترن لەدەقی پرۆگرامەکانی خوێندنی ناو کتێبەکان، چونکە پرۆگرامەکان لەمیانی پەیوەندیی دیداکتیکیانەی نێوان سێگۆشەی دیداکتیک (پرۆگرام، فێرخواز، فێرکار) دا بەهای ڕاستەقینە پەیدا دەکەن، نەک بەوەی کە زانست و زانیاریی تۆمارکراوی ناو پەرتوکەکانی خوێندنن. قوتابی، خوێندکاریش پێویستە بەشداربێت لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرهەمهێنانەوەی زانیندا نەک تەنها وەرگرێکی دورەپەرێز بێت، وەک بەزۆری لەقوتابخانەو خوێندنگەکانی ئێمە و تەنانەت زانکۆکانیشماندا دەگوزەرێت.

ئۆگۆستۆ بواڵیش بەشێوەیەکی سیستماتک و دیداکتیکیانە بەشداری بە بینەر کرد و وایکرد کە خودی بینەر لەفیرکردنی خۆیدا بەشداری بکات. ئەو شانۆی (چەوساوەکان)ی داهێنا کەتێیدا "بینەران نابیت بە بێلایەنی و وەک تەماشاچییەک بمێننەوە؛ دەبێت ببنە ئەکتەر و چالاکانە بەشداری پرۆسەی گۆڕانکاری بکەن" (Boal، 1979) ئەمە وایکرد بینەران زیاتر هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن و بەشداریی لە گۆڕینی خۆیان و کۆمەڵگەدا بکەن. لە شانۆکەی بواڵدا بۆچونی ئەکتەر دەبێت بە هێڵێکی کاریگەر لە گۆڕانکاریی نمایش، چونکە بینەر دەبێت بە ئەکتەر و بە کاراکتەر لە جیاتی کاراکتەرەکە بیر دەکاتەوە، ئەو بڕیار دەدات کە چی بە سەر ڕووداوەکاندا بێت. ئەمەش ترۆپکی پەیوەندیی دیداکتیکیانەیە، بەمەش دیدی نوێی زانستی بۆ ئەرکی فێرکاریانە لەشانۆدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە "شانۆ زیاتر وەک هونەرێکی دیداکتیکی دەتوانێت چارەسەری پرسە کۆمەڵایەتییەکان بکات و فێربوون دەستەبەربکات. بەشیوەیەکی تایبەتیش لەیەکێک لەفۆرمەکانی شانۆی ئۆگۆستۆبواڵدا کەبەشداربووانی پەیوەندییەکی دیداکتیکیانە پێکەوە دەبەستن، ئەویش (شانۆی مەکۆ) یە" (Aure, V., et al, 2013، 2013)

تویژینەوەی پەروەردەیی پراکتیکیانەش دوپاتی دەکاتەوە کە لە (٧٠%)ی خویندکاران بە جۆش وخرۆشەوە ئارەزوو دەکەن شانۆ لەوانەکانیاندا هەبێت، بۆیەش بەپیویستی دەزانێت کەشانۆ لەناو پۆلدا جێگیر بکرێت، هەر لەم سۆنگەیەشەوە بەشێوەیەکی کاریگەر ڕەگوڕیشەی فەلسەفیی شانۆ و زانست بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کە هەردوکیان لە پەروەردەدا دەبنە بناغەو شانۆش بەتەکنیک و میتۆدێکی تری پەروەردەو فێرکردن دادەنێت، چونکە لە بنەڕەتدا شانۆ کردەیەکە یەکێک لە مەبەستە سەرەکیەکانی فێرکردنە. (Odegaard، 2003)

بەتایبەتیش بۆ بینەری منداڵ و نەوجەوان (قوتابی) و بینەری لاو (خویندکار) کە " سەرەڕای پەیامی نەریتیانەی پەروەردەو هەوڵدانی بۆ چەسپاندنی خوو خدەو داب و نەریتی دیاریکراو، شانۆی دیداکتیکی دەتوانێت بەکوالیتیی بەرزی هونەری کاریگەریی فێرکاریانەی کارای هەبێت و تەنانەت تا ڕاددەی تێکشکاندنی تابۆ و (بقەکانیش) بڕوات"

(Shem-Tov، 2024) لەڕەهەندە هزریەکەشیەوە زاراوەی شانۆی دیداکتیکی "خۆی لەشانۆکانی دیکە جودا دەکاتەوە کە ئاڕاستەی منداڵ و نەوجەوان و لاوان دەکرێن، هەرچەندەش لەئاستی کردەییدا دابڕاو نییە لە پەروەردەو شانۆی پیداگۆگی، چونکە پانتاییەکی سێیەمە دەکەوێتە نێوان هەردوو پانتایی پەروەردەو پانتایی شانۆوە، ئەم دۆخە نێوەندگیرەش دەیخاتە پەراوێزی هەردوو پانتاییەکەی تری ئەمدیوو ئەودیویەوە" (Shem-Tov، 2024)

لەشانۆدا دیداکتیک پێش ئەوەی بچێتە ناو پەیوەندییەکانی کاستەوە لەگەڵ یەکتر، دەبێتە ئامرازێک بۆ فێرکردن و گەیاندنی پەیام بەوەرگر، بۆیە دەبینین کە لەشانۆی سەردەمی گریک و ڕۆماندا فێرکردن بەواتای (دەستەمۆکردن، تەمبێکردن - ڕامکردن) هاتووە کە دوائامانجیان (پاکژکردنەوە catharsis)یە، وەک شێوازێک لەبەخشینی ئاسودەیی ودڵنیایی بە(فێرکراوان) دەرهەق بەبابەتی (فێرکردن)ەکە، چونکە شانۆگەریەکان چیرۆکی ئەو کەسانەیان دەگێڕایەوە کە کارە باش و خراپەکانیان ئەنجامدەدا و بینەران لەڕێگەی ئەم چیرۆکانەوە فێر دەبوون کە چ کارێک باشەو چ کارێک خراپە، هەروەها فێردەبوون کەدەبێت چۆن ڕەفتاربکەن، چونکە "مرۆڤ لەڕێگەی نواندن(شانۆ)وە نەک فێردەبێت کەخۆی لەچی بەدووربگرێت بەڵکو فێریش دەبێت کە چی بکات" (أرسطو، 1996)، ئەگەر شانۆنامەی (ئۆدیبی پاشا)ی سۆفۆکلیس بەنمونە وەربگرین، کە باسی دەرچوون دەکات لە یاساکانی ئاسمان و چارەنوسی مرۆڤ، کە بەم هۆیەشەوە ئۆدیب توشی چارەنوسێکی شوم دەبێت و یەکێک لەبەرجەستەکارترین تراژیدیاکانی گریکی سەردەمی پرشنگداری شانۆی تێدا دەقەومێت، ئەوا چینی ئەرستۆکراتییەکان بۆئەوەی بەکۆیلەکانیان بڵێن ئەوەی لە فەرمانی خاوەنەکەی دەربچێت چارەنوسی وەک چارەنوسی ئۆدیبی لێدێت. کۆیلەکانیان ناچار دەکرد کە ئەم شانۆییە ببینن. بۆ ئەوەی فێر ببن کە هەرگیز لە فەرمانی خاوەنەکانیان دەرنەچن، بەتایبەتیش کەلەم شانۆنامەیەدا؛ گومانکردن بزوێنەری ڕاستەقینەی دۆزینەوەی نهێنیەکانی چارەنووسە، ئەمەش دژی یەقینی ئاسمانییەو پاڵنەری ڕاستەوخۆی ڕودانی کرداری تراژیدییە. (سعید، 2019)

لەشانۆی ڕۆمانیشدا، یەکێک لە نوسەرە دیارەکان کە (سینیکا)یە شانۆگەرییەکانی بەکاردەهاتن بۆفێرکردنی ئەخلاق و چۆنیەتی ڕەفتارکردن بە شێوەیەکی دروست. بۆ نمونە لە

(میدیا)کەی (سینیکا)دا کەلەوەی (یۆریپیدیس)ەوە وەریگرتووە، "میدیا توشی سزایەکی سەخت بووە، فرمانی دەرکراوە کە لەشاری کۆرنسە شاربەدەر بکرێ، ئەویش داوا دەکات کەرۆژێک ماوەی بدرێت تاخۆی ئامادەدەکات، لە مێردەکەی (جاسۆن) دەپاڕێتەوە کەمنداڵەکانی بداتێ ئەویش بەزەیی پیا نایاتەوەو نایداتێ، میدیا کەدەزانێ مێردەکەی منداڵەکانی زۆر خۆشدەوێن بۆئەوەی تۆڵەی خۆی لێبکاتەوە منداڵەکانی لەبەر چاویا دەکوژێ و ئەوجا دەڕوا." (هەورامی، 2024)، ئەمەش خەڵکیی ناچار دەکرد بیر لەوە بکەنەوە کەئایا تۆڵەسەندنەوە شتێکی دروستە یان هەڵە، فێری دەکردن کە ئایا هەمیشە تۆڵە سەندنەوە شتێکی ڕەوایە یان هەندێکجار ناڕەوایە و پێویستە لێی دور بکەوینەوە. بەشێوەیەکی گشتی، شانۆی کەونارای گریکی و ڕۆمانی ئامرازێکی زۆر بەهێز بوو بۆ فێرکردنی خەڵک دەربارەی ڕەوشت و کۆمەڵگەو چۆنیەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ یەکترو یاساکانی ئاسماندا.

ئامانجی تراژیدیا لەدەوڵەتشارەکانی گریکدا، بەتایبەتیش ئەسینا، زۆر لەوەزیاتری لەهەگبەدابووە، بەڵام وادیارە سیستمی سیاسی یاریدەدەر بووە بۆ زەقکردنەوەی ئەو جۆرە پەروەردەکردن و فێرکردنە لەڕێی شانۆوە، دەنا خۆ ئەوە هەر میدیاکەی یۆریپیدیس، لەهەناوی خۆیدا تۆوی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی ئافرەتی سەربەستیخوازی لەدژی زۆر نەریت و ئایدۆلۆژیای باوی فەرمی هەڵگرتووە، ئەو "وەک شۆڕشگێڕیک بەسەر کۆمەڵگەی نێرینەو پیاوسالاریدا دەرکەوت و سەرسەختیی لەگەڵ چارەنوسی خۆیدا کردو وەچەی پاڵەوانانی گریکیی وەستاند کە مێردە چاوچنۆکەکەی نوێنەرایەتییان دەکات، (هەروەها) نوسەر لەسەر زاری پاڵەوانەوە ڕەخنە لەبیرکردنەوەی نێرانەی پاڵەوانانەی گریک و دۆخی ژیانی ژنانی گریکی دەگرێت، کەقایلن تەنها بەو ڕۆڵەی لەچوارچێوەی ماڵدا پێیان ڕەوابینراوە." (Saeed، 2020)

پانتایی ڕاستەقینەی جێبەجێکردنی دیداکتیکیش لە شانۆدا پرۆڤەیە، پرۆڤەکردن بەپەیوەندییەکی کراوەوە دەبێتە خاڵی دۆزینەوەی لایەنە باش و خراپەکان و لەئەنجامدا دەبێتە هۆی بنیادنانێکی پتەو و بەرزکردنەوەی ئاستی نمایش. دەرهێنەر پێویستە گیانی داهێنان لەلای ئەکتەر دروست بکات بەهاندان و پیشاندانی تواناکانی خۆی، هەروەها گرنگیی بەهەستی تاکەکەسی ئەکتەر بدات و بەتەواوەتی گوێ لەبۆچونەکانی بگرێت، بەمەش کاری هەرەوەزی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دروست دەکات و هەستی بەرپرسیارێتی زیاتر لەلای ئەکتەر دروست دەبێت، پێویستە دەرهێنەر هەوڵ بدات هێزێکی گەورە لەلای ئەکتەر دروست بکات، بۆئەوەی ئەکتەر لەتاقیکردنەوەکانی خۆی نەترسێت و هەمیشە هەوڵی باشتر بدات بۆ گەیشتن بەمەبەستەکەی، چونکە شانۆ تەختی پاشایەتی ئەکتەرە. دەبێت سەرجەم توخمەکانی پەیوەندی لەخزمەت ئەکتەردابن بۆئەوەی لە یەکانگیرییەکی تەواودا باشترینی خۆی لەنواندندا ئەنجام بدات.

پرۆڤەکردن بەشیوەیەکی سەرەکی کارێکی هاوبەشی نێوان دەرهێنەرو ئەکتەرە کە ئامانجێکی هاوبەش ئاراستەیان دەکات، پەیوەندییەکەیان سروشتێکی فێرکاریی هەیە، "چونکە داواکارییەکانی یەکتری تەواودەکەن و لەیەکترەوە فێردەبن، کە پرۆسەیەکی گۆڕانکارییە، ئەنجام و دەرئەنجامەکەی بەهاوکاریی سەرجەم بەشداربووان لە نمایشدا دەردەکەوێت". (Cassidy، 2017) ئەمەش واتە گۆڕانکارییەکی دینامیکیی و پەروەردەیی دروست دەبێت و بەشداربووان دەبنە فێرخواز و فێردەبن. لەم چوارچێوەیەدا شانۆکاران ئەوە جێبەجێدەکەن کە تیۆریستەکانی پەروەردەیی پێی دەڵێن فێربوونی ئەزموونیی، واتە ئەوەی کە بە شێوەیەکی کردارەکیی و بەشداریکردن و ئەزموونکردن فێربوون بەدەست دێت،چونکە "فێربوون ئەو پرۆسەیەیە کە لەرێگەی گۆڕینی ئەزموونەوە بەدەستدێت. (Kolb، 1984) لە پرۆڤەدا شانۆکاران بەردەوام جوڵەو کردارو گفتاری نوێ تاقیدەکەنەوە، لەهەمان کاتیشدا فیدباک و ڕونکردنەوە وەردەگرن، بەمەش فێر دەبن و ئەزموونی زیاتر بە دەست دەهێنن.

## بەشی سێیەم: ڕێوشوێنەکانی توێژینەوەکە

**1- کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکە:** شانۆگەریی زریان

نوسینی: ئەلیکسەندەر ئۆسترۆڤسکی

وەرگێڕانی: ئەرخەوان رەسول

ڕاهێنەر: فرمێسک مستەفا

سینۆگرافیا: شیراز عەزیز

دەرهێنانی: فازل جاف

شوێن و کاتی نمایش: هەولێر. هۆڵی گەل، ٢٠١٢/٩/١٨

**ئەکتەرەکان:** فرمێسک مستەفا، گێلاس ناسر، جوان بەهادین، ڕێکان ئەحمەد، دێرین حامید، هەڵکەوت محمد، چنار عزالدین، بڵند کامل، سۆران خدر، شایی عثمان، بەڵێن هادی، ڕێبوار فەواد، ئەحلام موحسین، ئاوارە عوسمان، هەوراز بەختیار، علی ئومێد، هەردی عبدلله، ئاکان اسماعیل، ژوان جمیل، لاژە حەمەد، نێرگز نوفل، ئیلاف سیروان، سەیوان باوەنوری، ئەحمەد ڕەزوان

2- **میتۆدی توێژینەوەکە:** وەسفیی شیکارییە، چونکە لەگەڵ بواری پسپۆڕیی توێژینەوەکەدا گونجاوە.

3- **ئامرازی توێژینەوەکە:** لەمانە پێکدێت:

1- ئەزموونی تیۆری و پراکتیکیی توێژەرو بەدواداچوونی مەیدانیانەی بۆ نمونەی توێژینەوەکە

2- بینینی ڕاستەوخۆی نمایشی نمونەی توێژینەوەکەو بینینەوەی چەندجارەشی بەتۆمارکراوی

3- چێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

## شیکاری نموونەی توێژینەوەکە:

**چیرۆکی شانۆگەریەکە:** ڕوداوەکانی لەشارۆچکەی (کالینۆڤ) ڕوودەدەن، باس لەژیانی (کاترینا) دەکەن کە ژنێکی گەنجی ئیماندارەو دوچاری هاوسەرگیرییەکی خراپ بۆتەوە، لەژێر چاودێری و ویستی (کابانۆڤا)ی دایکی مێردەکەیدا دەژی کە ژنێکی توندوتیژە، مێردەکەشی (تیخۆن) پیاوێکی لاوازو بێ دەسەڵاتە، کاترینا بەهەموو جۆرێک دەچەوسێندرێتەوە، بەڵام (ڤارڤارا)ی خوشکی مێردەکەی بەزەیی پێیدا دێتەوەو هاوکاریی دەکات و دەیەوێت لەم خەم و چەوساندنەوەیە ڕزگاری بکات. لەکاتێکدا مێردەکەی کاترینا دەچێتە گەشتێکی درێژ، ڤارڤارا کلیلی ماڵەکەی دەدات بە کاترینا، بۆئەوەی ژوان لەگەڵ (بۆریس) ببەستێت کە عاشقیەتی و بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ بەردەوام یەکتر دەبینن هەتا تیخۆن لەسەفەرەکەی دەگەڕێتەوە. بەڵام بەهۆی ئیمانداریییەکەیەوە لەم کردارە پەشیمان دەبێتەوە. بەڵام بەرگەی ئەم هەموو ئازاردان و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نادادپەروەرییەی کۆمەڵگەکەی و خەسوی ناگرێت و لەبەردەم مێردەکەی و هەمووواندا دیان بە تاوانەکەیدا دەنێت. چاوەڕوانی سزای مرۆڤەکان ناکات و خۆی دەخاتە ناو ڕووباری (ڤۆڵگا)وە و خۆی دەخنکێنێت. ئەم مردنەش وەک ڕزگاربوون دادەنرێت.

## تۆڕی پەیوەندییەکان:

### 1. پەیوەندیی دەرهێنەرو سەرجەم بەشداربووان

لەبنەڕەتدا کارکردنی (فازل جاف) لەگەڵ ئەم کاستەدا مەبەستێکی فێرکاریی لەپشتەوە بووە، وەک ڕێبەرێک و هەڵسوڕێنەرێکی گرنگ لەپرۆژەیەکی فێرکاریی شانۆییدا سەرجەم بەشداربووانی کۆکردۆتەوە. ئەم پرۆژەیە کارێک بوو لەچوارچێوەی خوێندن و پۆلدا، واتە خودی پرۆڤەکان بۆ فێرکردن و خوێندنی بابەتەکان بەکار دەهاتن، بۆیە بەشداربووانیش لەچوارچێوەی هەوڵێکی پێداگۆگیدا کۆدەبوونەوە. لەهەمانکاتدا دەرهێنەر هەوڵیداوە کەبەشداربووان هەر لەسینۆگرافەر و دیزاینەری ڕووناکی و جلوبەرگ و موزیک و ئەکتەر و ڕاهێنەرەوە خۆیان لەئەنجامی تێگەیشتن و توانای خۆیانەوە کاربکەن. ئەمەش وایکردووە کەسەرجەمیان بەشداربن و هەست بەبوونی خۆیان بکەن و بەکاری خۆیانی بزانن و پێیهەستن، چاویشیان لەوەیە لەپرۆڤەکانەوە ئەزموونی پراکتیکیانەی زیاتر بەدەست بهێنن و پەرە بەتواناکانی خۆیان بدەن. لەم ڕووەشەوە دەرهێنەر فیدباکی بە بەشداربووان داوە و سەرجەم بەشداربووانیش فیدباکیان بەدەرهێنەر داوە، سەرجەم بەشداربوانیش فیدباکیان بەیەکتر داوە ئەمەش پرۆسەی فێرکردن و تێگەیشتنی بەرزتر کردۆتەوە. (فازل جاف) وەک دەرهێنەرێکی پیشەمەند و داهێنەر کاری کردووە و ڕەفتار و ئیتیکی کارکردنەکەی وایکردووە کەبەشداربووان نەک تەنها کارامەیی تەکنیکی فێربن بەڵکو چۆنێتیی هەڵسوکەوتکردنیش لەژینگەیەکی پیشەییدا فێربوون. کەواتە دەرهێنەر ئامادەیکردوون بۆ کارکردنی داهاتوویان لەشانۆدا. لەئەنجامیشدا بەشێکی زۆر لەبەشداربووان وەک دەرهێنەر و ئەکتەر و سینۆگرافەر و تەنانەت تویژەریش لەبوارەکەدا دەرکەوتوون و ماونەتەوە و لەچوارچێوەی ئەم میتۆدی کارکردنەی ئەو، لەم بەرهەمەدا، کاردەکەن. کە ئەویش کارکردنە بە میتۆدی میرهۆلد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2. تێکست لە نێوان دەرهێنەرو بەشداربوواندا

دەقی (زریان)ی ئەستڕۆڤسکی دەقێکی ڕوسییە و (ئەرخەوان) لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، فازل جافیش لەگەڵ دەقە ڕووسییەکەی بەراوردی کردووە و کورتیشی کردۆتەوە. ڕاستە پەیوەندیی نێوان دەرهێنەر و ئەکتەر و سەرجەم بەشداربووان هەر لەهەڵبژاردنی تێکستەوە دەستپێدەکات، بەڵام هەڵبژاردنی ئەم شانۆنامەیە بۆ ئەکتەرەکان و بەشدابووان جێگەی مشتومڕ نەبووە. چونکە شانۆنامەکە بەرهەمی نوسەرێکی ناوداری شانۆی کلاسیکی ڕوسییە. هەروەها بەشداربووان و ئەکتەرەکان خوێندکاری دەرهێنەرەکە بوون و دڵنیابوون لەوەی ئەزموون و کارکردنی دەرهێنەرەکە جێگەی بڕوایە. واتا هەر لەسەرەتاوە ئەکتەر دوو جۆر دڵنیایی و خاترجەمیی دەستکەوتووە، یەکەمیان لەدەق و دووەمیان لە دەرهێنەر، بۆیە بەمتمانەوە خۆی ڕادەستی هەردوکیان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارکردنە وەک وێستگەیەکی فێربوون ئەژمار دەکرێت. بۆیە تەنانەت لەدابەشکردنی ڕۆڵەکانیشدا پلار و لارییەنەبوون نەبووە. شارەزایی و ئەزمونی دەرهێنەرەکە توانیویەتی نەهێڵێت هیچ ناڕوونیی و تێنەگەیشتنێک ڕوودات لەشانۆنامەکە.

### 3. پرۆگرامی ڕاهێنانەکانی ئەکتەر

بۆ گەڵاڵەکردنی کردەی گونجاوی نواندن، دەرهێنەر دوو ڕێچکەی ڕاهێنانی پەیڕەوکردووە:

یەکەمیان؛ ڕاهێنەنەکانی نواندن بەگشتی، بۆ ئەم مەبەستە دەرهێنەر ئەکتەرێکی خاوەن ئەزموونی شارەزاتر لەوانیتری ڕاسپاردووە ڕاهێنان بەئەکتەرەکانی تر بکات، کە ئەویش (فرمێسک مستەفا)ی خانمە ئەکتەری شانۆیە، کە لە هەمانکاتیشدا مامۆستای وانەی (نواندن و دەنگ)ی ئەکتەرەکانی تر بووە.

دووەمیشیان: ڕاهێنانە تایبەتەکانی پەیوەست بەمیتۆدی کارکردنەکەوە هەبووە و هەر خودی دەرهێنەر جێبەجێی کردوون چونکە بەمیتۆدی بایۆمیکانیکی میرهۆڵد کەپسپۆڕیی خۆیەتی

لەسەر شێوازی ۆرکشۆپ جێبەجێکراون. میتۆدی کارکردنی میرهۆڵد لەسەر ئاستی نواندنیش و دەرهێنانیش پەیڕەوکراوە.

ڕاهێنانەکان بۆ ئەکتەر سەخت و دژوار نەبوون چونکە بەشێک بوون لەخوێندنی وانەکانی، سەرجەم ڕاهێنانەکانیش بەشیوازی کۆمەڵ (گروپ) و جووت (دوێت) ئەنجامدراون، چونکە میتۆدەکە ئەم شێوازە کارکردنەی دەوێت. ئەمەش گیانی هەرەوەزی و تێگەیشتنی لەکاری پیکەوەیی دەستەبەر کردووە. کە کاریگەریی ڕاستەوخۆشی هەبووە لەسەر کارکردنی ئەکتەرەکان لەسەر شانۆ.

ڕاهینەری نواندن زۆرجار ئەکتەرەکانی بەتەنها ڕاهێنان پێکردووە، ئەم شێوازەش کاتی زیاتری گێڕاوەتەوە بۆ ئەکتەرەکەو بۆ دەرهێنەرو تەنانەت بۆ تەواوی ئەکتەرەکانی ترو کۆی بەرهەمەکەش، لە هەمانکاتدا ئاسودەیی داوە بەو ئەکتەرەی کەبەتەنها ڕاهێنانی پێکراوە و ئازادانەتر کاری کردووە، ئەمەش ئامڕازێکی پەروەردەیی باشە بۆ فێربوون و گەیشتن بەمەبەست.

هەردوو ڕاهێنەرو ئەکتەرەکان لەسەر بنەمای متمانە و هاوکاری کاریان کردووە، چونکە ڕاهێنانەکانی نواندن هەم تەکنیکیی بوون و هەمیش فێرکاریی میتۆدی. ڕاهێنەر بەبەشدارییپێکردن و هاوکاریی ئەکتەرەکانی تر توانیویەتی ڕاهێنانەکان بخاتە خزمەتی نواندنەوەو کەشێکی ئەرێنی بۆ ئەکتەر دروست بکات، ئەمەش بۆ هەندێک لەئەکتەرەکان پاڵپشتییەکی گەورەو ئامرازێکی فێرکاریی بەهێز بووە چونکە ئەزمونی کارکردنیان نەبووە یان کەم بووە، بۆ زۆربەی ئەکتەرەکانیش کەئەزموونی خوێندن و کارکردنی زیاتریشیان هەبووە پاڵپشتێکی کاریگەر بووە. بۆیە لەسایەی کاریگەریی بروا پێبوون و ڕێزگرتن لەیەکتر هەم پەرەدان بەتواناو هەمیش فێرکردن و فێربوون دەستەبەر بوون. بەهۆی پەیوەندیی دروستی ڕاهێنەرو ئەکتەرەوە، ئەکتەرە کەم ئەزموونەکان وەک ئەرکی ماڵەوە زیاتر هەوڵیانداوەو ڕاهێنان و پڕۆڤەی زیاتریان کردووە بۆئەوەی ئاستیان لەئاستی ئەو ئەکتەرانە کەمتر نەبێت کە ئەزموونیان زیاتر بووە، واتا ڕاهێنەران باڵانسیان ڕاگرتووە لەنێوانیاندا، ئەمەش کردارێکی تەواو پەروەردەییە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 4. پەیوەندیی نێوان ئەکتەرەکان

پەیوەندیی دیداکتیکیانەی نێوان دەرهێنەرو ئەکتەر لقوپۆپی زیاتری لێدەبێتەوە و یەکێک لەو لقانە پەیوەندی نێوان ئەکتەرو ئەکتەرە. لەکاتی پرۆڤەکردنی شانۆیی (زریان)دا ئەکتەرەکان بەشێوەیەکی خۆنەویستانە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی یەکترەوە، چونکە هاوپۆل و هاوتەمەن بوون و جگەلەوەش هەندێکیان ئەزموونداربوون و هەندێکی تریان کەم ئەزموون بوون، یەکێکیشیان مامۆستای نواندن بووەو ئەزموونێکی زۆی هەبووەو لەم کارەشدا ڕاهێنەری نواندن بووە. بۆیە ئاڵوگۆڕی زانیاری و فیدباکێکی باش لەنیوانیاندا دروست بووەو سەرجەمیان هاوکاری یەکتر بوون بۆ باشترکردنی کارەکانیان. لەبەرئەوەی سەرجەمیان خوێندکار بوون توانیویانە وەک یەک تیمی بەهێزو پاڵپشت کاربکەن و سود بەیەکتر بگەیەنن. لەم بەرهەمەو لەکاتی پرۆڤەدا ئەکتەرەکان، بەتایبەت کەم ئەزموونەکان لەئەزموونداەکانەوە فێر بوون بەوەی کەچاودێرییان کردوون و بینیویانن کەچۆن هەڵسوکەوت دەکەن و مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکاندا دەکەن. لەپەیوەندی نێوان ئەکتەرو ئەکتەردا نابێت ڕۆڵی دەرهێنەر پشتگوێ بخەین لەوەی چۆن هاوسەنگیی لەم نێوانەدا ڕادەگرێت و ژینگەیەک دروست دەکات کە پڕبێت لەوزەی ئەرێنی و پیشەمەندیی. ئەکتەرەکانی ئەم نمایشە جگە لەکاتی پرۆڤەو مەشق و ڕاهێنانەکان، لەدەرەوەی پرۆڤەش پەیوەندییان بەیەکەوە هەبووەو کاتیان بەیەکەوە بردۆتە سەر ئەمەش کاریگەریی ئەرێنیی هەبووە لەسەر کارکردنیان و نزیکبوونەوەیان لەیەکتر، بەمەش ڕوحی کارکردنیان دەوڵەمەندتر بووەو هاوسۆزیی زیاتریان هەبووە لەگەڵ یەکتر. زۆرجار ئەکتەرەکان لەکاتی پرۆڤەکردندا تێبینی و سەرنجیان هەبووە لەسەر یەکترو بەخۆشحاڵییەوە بۆچونەکانی یەکتریان وەرگرتووە. ئەمەش بۆتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی یەکترو ئاستی بەرهەمەکەش. بۆیە یەکگرتوویی و خۆشەویستی نێوان ئەکتەرەکان بۆتە هۆی سەرکەوتنی نمایشەکە. هەروەها تێگەیشتنی بینەر لەوەی کە هەست بەخۆشەویستیی نێوان ئەکتەرەکان دەکەن بەشیکە

لەسەرکەوتنی پەیوەندیی نێوان ئەکتەرو ئەکتەر کە بەندە بەکاریگەریی نمایشەکە لەسەر بینەرو هەردوکیشیان بەرهەمی ئەو پەیوەندییە دیداکتیکیانەیەن کە ئەکتەرو دەرهێنەری کۆکردۆتەوە.

## 5. پەیوەندیی نێوان ئەکتەر و دەهێنەر

لەکاتی پرۆڤەکردنی شانۆیی زریاندا ئەکتەرەکان توانیویانە بەباشی بۆچونەکانیان دەرببڕن و دەرهێنەریش خۆی ویستویەتی ئەم کارە بکەن، بۆئەوەی ئاستی تێگەیشتنیان بزانێت و تێبگات کەبەباشی فێری بابەتەکە بوون. هەروەها بەردەوام دیالۆگ هەبووە لەنێوانیاندا و شیکردنەوەی بابەتەکان بەشێوەیەکی هەرەوەزیی کراوەو ئەنجامەکانیش تاووتوێکراون. لەم بەرهەمەدا پەیوەندییەکی هێندە بەهێز لەنیوان سەرجەم بەشداربوواندا هەبووە تەنانەت ئەکتەر تێبینی و بۆچونی هەبووە لەسەر دیکۆری بەرهەمەکە هەرچەندە ئەمە پەیوەندیی بەسینۆگرافەرەوە هەبووە. بەڵام ڕاستەوخۆش لەلایەن سینۆگرافەرەکەوە جێبەجێکراوەو بۆتە جێی دەستخۆشیی ئەویش و دەرهێنەریش، چونکە بۆچونەکە بەتەواوەتی لەگەڵ کۆی پرۆسەی کارکردنەکەو دیدگای دەرهێنەردا گونجاوبووە. ئەم بەرهەمە تەنانەت بۆ خودی سینۆگرافەرەکەش بووە بەوێستەگەیەک بۆ پیشەمەندبوون لەسینۆگرافیادا. ئەمەش بۆ خودی ئەو پەیوەندییە دیداکتیکییە دەگەڕێتەوە کە لەئارادا بووە. لەسایەی ئەو سیستمی کارکردنەدا کەدەرهێنەر جێبەجێی کردووە (شیراز عەزیز) توانیویەتی خۆشەویستییەکی بەهێز دروست بکات لەگەڵ کاری سینۆگرافیاداو دواتر پەرەی زیاتری بە کارکردنەکەی داوەو وەک سینۆگرافەرێکی پیشەمەند ناسراوەو بەردەوام کاری جیاوازو گونجاو پێشکەش دەکات. کەواتە جێبەجێکردنی ئەو میتۆدۆلۆژیاو سیاسەتی کارکردنەی دەرهێنەر توانیویەتی پەروەردەیەک بکات کەئەکتەر بتوانێت چالاکانەو داهێنەرانە بەشدار بێت لەبەرهەمهێنان و هاوکاری و هاوبەشی لەگەڵ دەرهێنەرو سەرجەم بەشداربوواندا.

**6- پەیوەندیی نێوان دەرهێنەر و ئەکتەر:** پەیوەندیی نێوان دەرهێنەرو ئەکتەر لەم کارەدا وردەکارانە داڕێژراوە، چونکە دەرهێنەرەکە مامۆستای ئەکتەرەکان بووەو لەسەر هەمان ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میتۆدە کاریکردووە کە پەیڕەوی خوێندنیان بووە. بۆیە پەیوەندیی دیداکتیکیانە لەم بەرهەمەدا بەشێوەیەکی ورد جێبەجێ دەبێت. (فازل جاف) لەبەرئەوەی خۆی مامۆستای ئەکتەرەکان بووە بەوردی کاری لەسەر پەرەپێدانی لێهاتوویی و گەشەکردنی ئەوان کردووە، لەکاتی پرۆڤەدا دەرهێنەر زۆر بەوریاییەوە ڕێنمایی ئەکتەرەکانی کردووەو شانۆنامەکەی بۆ ڕوون کردوونەتەوە، لەڕێگەی پرسیارکردنەوە لەئەکتەرەکان دەربارەی ڕۆڵەکانیان و دیمەنەکانیان تێگەیشتنی تەواوەتیی بۆ دەستەبەر کردوون. ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە خودی ئەکتەرەکان بەشداربوون لە فێربوون و تێگەیشتنی خۆیان لەکاراکتەر و شانۆنامەو تەواوی کارەکەی خۆیان. ئەم بەشدارییپێکردنەش بنەمای دیداکتیکە، کەوادەکات زانیاری و تێگەیشتنەکە بمێنێتەوەو وەک زانستێکی لەبیرنەکراو کاری پێبکرێت. دەربارەی شانۆنامەکە دەرهێنەر لەڕووی گرنگیی کلتوری کۆمەڵایەتیی و پەیوەندی بە ئێستاو ئێرەوە ڕوون کردۆتەوەو کۆنتێکستی شانۆنامەکەی لەئەکتەرەکان گەیاندووە. هانی ئەکتەرەکانی داوە کەبەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە بڕواننە بابەتەکەو تواناکانیان بەکاربهێنن بۆ تێگەیشتن لەشانۆنامەکەو لێکدانەوەی بەشێوەیەک کە لەگەڵ دیدگای گشتیی کارکردنەکەی دەرهێنەردا بگونجێت. دەربارەی تەکنیکی نواندن و ئەو میتۆدۆلۆژیایەی کەدەرهێنەر بەکاریهێناوە پەیوەندیی بەدینامیکای جەستەوە هەبووەو ئەکتەرەکانیشی لەم ڕوانگەیەوە ئاڕاستەکردووە. چونکە میتۆدی بەکارهێنراو چ لەدەرهێنان و چ لەنواندندا میتۆدەکەی میرهۆڵد بووە. بۆ نمونە دەرهێنەر داوای لە ئەکتەرەکانی کردووە کە بەوریاییەوە جەستەیان بەکار بهێنن و مانای جوڵەکانیان گوزارشت بێت لەمانای دەربڕینەکانیان لەدەنگ و دیالۆگ، بەبێ ئەوەی جوڵەی زیادەی بێبەرهەم هەبێت و سەرجەم جوڵەکانیان تەواوکەری یەکتربن و دابڕان دروست نەبێت لەکارکردنەکانیان و دروستکردنی دیمەنەکانیان بۆئەوەی دینامیکای جوڵە و جەستەی تێدا بێت و یەکبگرنەوە. بۆ بەرجەستەکردنی ئەمەش ژینگەیەکی دروستکردووە بۆ تاقیکردنەوە لەکاتی پرۆڤەدا، ئەکتەرەکانی ئاراستەکردووە کە شتی نوی تاقی بکەنەوەو هەوڵبدەن بگەنە داهێنان و دۆزینەوەکانیان بۆ کاراکتەر و دیمەنەکانیان و ئەدای نواندنیان لەسەر شانۆ. هەرچەندە گەر ئەم تاقیکردنەوانە بووبێتنە هۆی شکست و بە دەستنەهێنانی ئەنجامی دروستیش بەڵام دەرهێنەر هەر وەک داهێنان و گەیشتن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەئامانج سەیری کردون، بۆیە ئەکتەر لەژینگەیەکی سەلامەتدا کاری کردووەو هەرگیز نەترساوە لەوەی کەبتوانێت شتی نوێ تاقیبکاتەوەو بگرە هاوکارییش کراوە بۆئەوەی سەرکەوتوو بێت لەتاقیکردنەوەو دۆزینەوەی شتی نوێدا. بەڵام ئەکتەریش لەسەر ئەوە ڕاهاتووە کەپابەندبێت بەپاراستنی دیدگای گشتی کارکردنەکەو میتۆدۆلۆژیای کارەکەوە. ئەو پەیوەندییەی کە لەنیوان دەرهێنەرو ئەکتەردا هەبووە هاوشێوەی پەیوەندیی نێوان (فێرکار) و (فێرکراو) بووە، کەکاریگەرییەکی تەواو ئەرێنیی هەبووە لەسەر دینامیکای پرۆڤە کە لەچوارچێوەی ڕێزو ئازادیدا دیسپلین کراوە. ئەوەی دەرهێنەر بەوردی لەگەڵ ئەکتەردا کاری لەسەر کردووە ئەوەیە کەئەکتەر ڕاهێنان و پرۆڤەی پێکراوە تابزانێت چی دەکات و کەی دەیکات بۆئەوەی هەر ئەوە بکات و لەوکاتەشدا بیکات، واتە بەوردەکاریی تەواو بەڕێوە چووە. بۆ ئەمەش ئەکتەری هانداوە کەخۆی لەسەرئەوە ڕابهێنێت و بتوانێت بەتەواوەتی پابەند بێت بەو ئەرکەوە، واتە ئەکتەر خۆی بەشدارو هاوکار بووە لەجێبەجێکردنی ئەم وردەکاریەدا و خۆی ڕێگەکەی دۆزیوەتەوە لەژێر چاودێری دەرهێنەرو سیستمی کارکردنەکەدا. کەواتە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی پرۆڤەکاندا جوڵەو دیمەنەکان جێگیرکراون. فازل جاف وای لەئەکتەرەکان کردووە کەسەرجەم کردارو دیمەنەکان پاڵاوتە بکەن و خۆیان ئامادەبکەن بۆ ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ بینەر. بەهۆی ڕێنمایی و کارکردنەکانی دەرهێنەرەوە ئەکتەر متمانەیەکی زۆری پەیداکردووەو تواناکانی خۆی زیاتر گەشەپیداوە، ئەمەش بەندە بەو پەیوەندییە دیداکتیکییەوە کەدەرهێنەر کردوویەتی بەپرنسیپ بۆ کارکردن لەگەڵ ئەکتەردا، لەبەرئەوەی سەرجەم کردارو دیالۆگ و جوڵەکانی ئەکتەر بەباشی پرۆڤەیان لەسەرکراوەو ئامادەکراون، کەمتر ئەکتەر خۆی بۆ ئیمپرۆ (ئیرتیجال - خۆکردە) ئامادەکردووە لەکاتی نمایشدا بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەکتەر تواناو متمانەی نەبووە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی حاڵەتێکی نەخوازراو لە نمایشدا، چونکە بەباشی لەبابەتەکە تێگەیشتوون و خۆیان بە باشی ئامادەکردووە. لەکاتی نمایشدا بەشداریی ڕاستەوخۆی دەرهێنەر نامێنێت بەڵام ئەو وانەو ڕێنمایی و ڕاهێنانانەی کەلەکاتی پرۆڤەدا پێشکەشکراون پاشخانێکی تەواوەتییان بۆ ئەکتەر دروستکردووە. دەرهێنەر لەڕێگەی ئەکتەرەوە پەیوەندیی بەبینەرەوە دەکات، ئەو هەمیشە ئەوەی بۆ دووپاتکردوونەتەوە کە ئەوەی ئەمان دەیکەن کارێکی زانستیی و میتۆدییەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێویستە دیدگای گشتیی کارەکە بپارێزن و هاوتەریب بن لەگەڵ تەوەرو ئامانجەکانی نمایشەکە. بەڵام لەبەرئەوەی پرچەکن پێویست بە ترس و دڵەڕاوکێ ناکات و دڵنیایی داونەتێ کە سەرکەووتوو دەبن. هەربۆیە ئەکتەرەکان بەتەواوی هەستیان بەگەشەکردن و دەستکەوت کردووە لەمەڕ داهێنانەکانیان لە گەشتەکەیاندا لە پرۆڤەوە بۆ نمایش. لەدوای هەموو نمایشێکیش گفتوگۆ کراوەو فیدباک لەیەکتر وەرگیراوەتەوە بەمەبەستی باشترکردنی کارەکان، چونکە هەم دەرهێنەر و هەمیش ئەکتەر بەردەوامن لەکارکردن لەسەرەتاوە هەتا دوا ڕۆژی نمایش. بۆچونی بنیادنەر و خستە ڕووی خاڵە بەهێزەکان بۆ ئەوەی هەستکردن بە داهێنانی خود زیاتر بکات و دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان بۆ ئەوەی چارە بکرێن. دەرهێنەر پرسیاری لەئەکتەرەکان کردووە دەربارەی نمایشەکەو دەربارەی ڕۆڵەکانی خۆیان و یەکتریش، ئەمەش وای کردووە کەسەرجەمیان بەیەکەوە بەشداربن لەباشترکردن و سەرکەوتنی زیاتری کارەکەیان. پەیوەندیی دیداکتیکیانەی نێوان فازل جاف و ئەکتەرەکانی لە شانۆیی (زریان)دا کارکردنێکی فێرکاریانەیە لە نیوان دەرهێنەرێکی مامۆستا و ئەکتەرێکی خوێندکاردا. کە ئەکتەرەکان هەم وانەیان خوێندووەو هەمیش نمایشێکیان دروست کردووە، بەگشتیی (زریان) گەشتێکی هونەریی فێرکاریانەبووە لەژێر سیستمی دیداکتیکدا. بەومانایەی کە خودی ئەکتەرەکانیش بەشداربوون لەجێبەجێکردنی ئەو میتۆدۆلۆژیایەی کەدەرهێنەرە مامۆستاکە بەکاریهیناوە. بۆیە دەرهێنەری پیشەمەندو خاوەن میتۆد دەتوانێت خوێندکار پێبگەیەنێت و ئەکتەری پیشەمەند دروست بکات.

## ئەنجام:

1. ڕاهێنانەکان فێرکاریی میتۆدی بوون، ئامانجیان دارشتنی کردەی نواندن بوو بەشێوەیەکی سیستماتیک کەتێیدا ڕاهێنانەکانی بایۆمیکانیک بۆ ئەکتەرەکان بوونە هۆی فێرکردن و تێگەیشتن لەمیتۆدی کارکردنیان.

2. پڕۆڤەو ڕاهێنانەکان لەسەر بنەمای متمانەو ڕێزی دوولایەنە دامەزرابوون، ئەکتەرو دەرهێنەر هاوبەش بوون لەبەرهەمهێنانی کردەی نواندندا، ئەکتەر تەنها بەشداربوویەک نەبوو، کارکردن بەشێوەی کۆمەڵ (ئەنسەمبڵ) بۆتە خاڵێکی بەهێز بۆ لەیەکتر تێگەیشتن و فێربوون.
3. ئەکتەرەکان لەیەکتریشەوە فێربوون، جا بەهۆی کاری هەرەوەزییەوە بێت یاخود سەیرکردن و تێبینیکردنی یەکتر، یان فیدباک و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانیان، ئەمانەش بنەمای دیداکتیکیانەن.
4. ژینگەیەکی پیشەمەندانە دروستکراوە، میتۆدۆلۆژیایەکی دیاریکراو هەبووە بۆ کارکردن لەسەر نواندن و دەرهێنان.
5. ئەکتەرەکان توانیویانە بەباشی بۆچونەکانیان دەرببڕن و گەنگەشەی بابەتەکان بکەن، هەروەها سەرجەم بۆچونەکانیش بەهەند وەرگیراون، بەتایبەت کە لەگەڵ دیدگای گشتیی بەرهەمەکەدا گونجاو بووبن، ئەمەش ویستی دەرهێنەر بووە بۆئەوەی برەوی زیاتر بەلایەنی فێرکاری بدات.
6. پەیوەندیی دەرهێنەرو ئەکتەر پەیوەندیی فێرکارو فێرخواز بووە، ئەمەش زەمینەی فێرکاریی دیداکتیکیانەی دەستەبەر کردووە کە تێیدا ئەکتەرهەم لەدەرهێنەرو ڕاهێنەر، هەم لەئەکتەرانی ترو هەم لە ئەزموونی کردەیی خۆیشیەوە فێربووە.

## دەرئەنجام:

1. ئەگەر کارکردنی دەرهێنەر لەگەڵ ئەکتەردا سیستماتیک بێت و پشت بەمیتۆدێکی تایبەتی ڕاهێنان و پڕۆڤەکردن ببەستێت، زەمینەیەکی گونجاو بۆ کارکردنی دیداکتیکیانە دەڕەخسێت
2. لەکارکردنی دەرهێنەری شانۆ لەگەڵ ئەکتەردا دەکرێت توخمەکانی دیداکتیکی وەک: پەیوەندیی فێرکاری نێوان دەق و دەرهێنەرو ئەکتەر، فێربوون لە میانی کارکردنەوە، هاوبەشیی ڕاستەقینەی ئەکتەر، فیدباکی ئەرێنیی کاریگەر، گۆڕینی فێربوون بۆ کارامەیی، یەکانگیربوونی میتۆدی کارکردن و تەکنیکی فێرکردن، بەرجەستە ببن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

3. دەرهێنەری پشتبەستوو بە میتۆدو خاوەن سیستمێکی یەکانگیری کارکردن کە لەسەر بنەمای کاردابەشکردن و ئیشی هەرەوەزی دامەزرابێت، دەتوانێت وەک فێرکارێکی هاوچەرخی دیداکتیکزان لەگەڵ دەقیش و ئەکتەریش و تەکنیککارەکانی نمایشیشدا کاربکات

## سەرچاوەکان

### یەکەم/ کتێبەکان

#### أ- بەزمانی کوردی

سەعید، فایەق (٢٠٢٢). دیداکتیکی تیۆری لەقۆناغی پێشخوێندنگەوە بۆ زانکۆ، دامەزراوەی پەروەردەیی فام.

قادر، رەمەزان حەمەدەمین (٢٠٢٠). بنەماکانی پەروەردەی سەردەم، سلێمانی: چاپخانەی سایە.

کۆمەڵێک نووسەر(٢٠٢٠). ڕێچکەی لی ستراسبێرگ لەڕاهێنانی ئەکتەردا، و. د.سەردارمحمود، هەڵبجە: چاپخانەی هەژار موکریانی.

هەورامی، حەمەکەریم(٢٠٢٤). درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا، هەولێر: دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە، چ٢.

#### ب- بەزمانی عەرەبی

أرسطو (١٩٩٦). فن الشعر، ترجمة عبد الرحمن بدوي، بيروت: دار الكتب العلمية

#### ت- بەزمانی ئینگلیزی

Boal, A. (1979). Theatre of the Oppressed. Translated by Charles A. McBride and collaborators. Pluto Press

Chandler, W. M. (2017). Directing Theater 101: 10 Steps to Successful Productions for New Directors and Regional Theater Companies. Crossroad Press.

Eisner, Elliott (2002). Art and the Creation of Reason, Published with assistance from the foundation established in memory of Philip Hamilton McMillan of the Class of 1894, Yale College, 2002.

Kolb, D. A. (1984). Experiential learning: Experience as the source of learning and development. Prentice Hall.

Laban, R. (1988). The Mastery of Movement, Northcote House Publishers, revised by Lisa Ullmann, 4th edition

Lecoq, J. (2000) The Moving Body: Teaching Creative Theatre, Methuen Drama, translated by David Bradby

Meisner, S. and Longwell, D. (1987). Sanford Meisner on Acting. New York: Vintage Books.

Rodenburg, P. (1997) The Actor Speaks: Voice and the Performer, Macmillan, 1st edition

Spolin, V. (1999) Improvisation for the Theater, Northwestern University Press, 3rd edition

Suzuki, T. (1986) The Way of Acting: The Theatre Writings of Tadashi Suzuki. New York: Theatre Communications Group

**دووەم/ توێژینەوەکان**

سعيد، سردار محمود. (2019). فاعلية الشك في المأساة الشكسبيرية : مسرحية عطيل إنموذجا .مجلة الفنون و الأدب و علوم الإنسانيات و الاجتماع ع. 42، ص ص. 32-54.

Aure, V., Bjerkestrand, K. B., & Songe-Møller, A. (2013). Emancipatory theatre and performative didactics. Nordic Journal of Art & Research, 2(2).

Cassidy, G., *The Rehearsal* Process *of Playwright/Director Anthony Neilson*، University of Reading ،2017.

Monteiro, S. B. (2022). Didactics of the Infernal: theatre, pandemonium, translation. *Educação & Realidade*, *47*, e124426.

Odegaard, M. (2003). Dramatic science: A critical review of drama in science education. Studies in Science Education, 39, 75.

Saeed, S. M. (2020). The Alienation Ethnology of Medeas Character in Euripides Tragedy. Journal of University of Raparin, 7(3), 44-63.

Shem-Tov, N. (2024). Rethinking Didactic Theatre for a Young Audience. Contemporary Theatre Review, 34(2), 152-169.

**سێیەم/ کۆنفرانسی زانستی**

Frimberger, K. (2022, March). The pleasure of philosophising in Bertolt Brecht's pedagogical theatre. In PESGB Annual Conference 2022.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Director's Didactic Work with the Actor
# Fadil Jaf's Performance (The Thunderstorm) as a model

**Goran Bakr Hama Amin**
Department of Cinema and Theater Arts, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil Kurdistan Region, Iraq.
Email: gsargallwey@gmail.com

**Sardar Mahmud Saeed**
Department of Educational Training and Development, Sulaimani General Directorate of Education, Kurdistan Region, Iraq.
Email: sardarmahmud72@gmail.com

**Abstract**:
This research explores the didactic dimension of the director–actor relationship through the example of Fadil Jaf's performance of The Thunderstorm. It focuses on the director's role as an educator during the rehearsal process, highlighting how structured pedagogical approaches can shape the actor's craft and deepen their understanding of the performance. The research examines how the rehearsal space becomes a site of learning, where the director functions as a mentor—guiding the actor not only in technical execution but also in the exploration of text and character. By analyzing this specific performance, the study identifies key strategies that fostered an effective educational environment. It offers insights into how such didactic interactions can influence future work—not only for the director and actors involved, but also for others who experienced the process closely or reflected on it through critical or academic observation. In three chapters, the first of methodological framework,

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

the second of theoretical framework and the third of measures. the research has tried to cover a wide range of topics and issues related to the research problem. The research reached results, the most obvious of these is that: a professional environment was created, there was a specific methodology for working on acting and directing, the production had a methodological impact on many participants who can continue in future productions as actors, directors, scenographers and researchers, rehearsals were generally a didactic environment.

***Keywords***: *Didactics, directing, actor training, rehearsal process, Fadil Jaf*

## العمل الديداكتيكي للمخرج مع الممثل
## مسرحية (زريان - العاصفة) لفاضل الجاف إنموذجا

**الملخص**

هذا البحث، هو نتاج تأمل في الوظيفة التعليمية المشتركة والمتبادلة بين كادر العمل المسرحي، لكن بفعل منهجية اسلوب المخرج في توجيه العلاقة بينه و بين الممثل في مسار الديداكتيك، من داخل عملية إنتاج المسرحية ذاتها، لذا يكتشف البحث من الجهة الداخلية للمسرح العلاقات بين الممثل والمخرج ويسعى إلى تشخيص أنسب نوع متاح من العلاقة بينهما، وعليه فأن مشكلة البحث تتعلق بكيفية تكوّن وإدامة هذا النوع من العلاقة منذ بداية التمارين المسرحية وحتى العرض وانعكاسها المنتظر والعملي في تجارب ونتاجات مسرحية لاحقة، ليس فقط للمخرج ذاته والممثلين في العرض المسرحي عينه، وإنما في أناس آخرين أيضاً، ممن عايشوا تلك التجربة عن قرب أو أستطاعوا أَن يدركوا معطياتها نتيجةً للبحث والتأمل. حاول هذا البحث؛ في ثلاثة فصول: أولها مخصص لإطاره المنهجي وثانيها لإطاره النظري وثالثها لإجراءاته البحثية، أن يغطي مساحة ملحوظة من المحاور والمواضيع والقضايا المؤثرة وذات الصلة بمشكلته وأهدافه ونتائجه والدراسات السابقة القريبة منه، وحلل عينته البحثية وفق منهجية الطريقة الوصفية التحليلية تحقيقاً لنتائجه المرجوة، والتي كانت مستجيبة لمشكلة البحث، ومن أبرزها: تم خلق بيئة إحترافية، هناك منهجية محدَدة للالعمل على التمثيل والاخراج، وضع الانتاج تأثيراً منهجياً على عدد من المشاركين مايمكِّنهم من إدامته كممثلين ومخرجين وسينوغرافيين وباحثين، وساهم الممثل بشكل

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دؤوب في إنتاج المسرحية، وكانت بيئة التمرين المسرحي بشكل عام ديداكتيكية، والعلاقة بين المخرج والممثل كانت علاقة طالب ومعلم مما وفر أرضية تعليمية ديداكتيكية، لذا كانت العلاقة ديداكتيكية تماماً.

**الكلمات المفتاحية:** الديداكتيك، الاخراج، تدريب الممثل، التمرين المسرحي، فاضل الجاف